## ڕۆنکردنەوەیەکی پێویست لە وديداد ئاكرەییەوە سەبارەت ڕێکخراوی نێونەتەوەی بۆ مافی مرۆڤ

بەڕێزان:

بەڕێگای ئیمێلێکەوە کە بەدەستم گەیشتووە، زانراوە کە هەندێ لە ئەندامانی پێشووی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ مافی مرۆڤ بڕیاریان داوە ڕێکخراوێکی نوێ بۆ مافی مرۆڤ دروست بکەن لە ژێر ناوێکی تازەدا.

لەناو بەیاننامەی دروستکردندا کە بۆمن نێردراوە، باسی ئەوە نەکراوە کە ئەم ڕێکخراوە تازەیە پەیوەندی بەمنەوە نییە. بە تەلەفۆنەوە داوام لێیان کرد ئاماژە بۆ ئەو ڕاستیە بکەن بەلاّم ئامادەنەبوون ئەو دێڕە لە بەیاننامەکەیاندا زیادبکرێت، بۆیە ناچاربووم ئەم ڕۆنکردنەوەیە بلاّو بکەمەوە و بە ئێوەی بەڕێز ڕابگەیەنم کە من نە لە نزیک و نەلە دوورەوە پەیوەندیم بەو ڕێکخراوەوەیە نییە.

هیوادارم ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بتوانن مافی مرۆڤی کورد بپارێزن و ڕاستگۆیانە ڕاستیەکان ڕابکەیەنن.

وداد ئاکرەیی